

# ڕەمزی ئاو

# لە سێ قەسیدەی شیعریدا

**لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی - هاوسەنگیی ئەدەبییە**

**کاروان مەهدی**

**دەستپێك**

**(ڕەمزی ئاو لە سێ قەسیدەی شیعریدا) کە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی – هاوسەنگیی ئەدەبییە لە نێوان هەرسێ قەسیدەی (دەنگی پێی ئاو–ی سوهراب سپێهری) و (پاڕانەوە لە ئاو–ی جەمال غەمبار) و (ئاوی مەزن–ی عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا).**

**مەبەستمان لە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی – هاوسەنگیی ئەدەبی ئەوەیە کە ئەو سێ دەقە، یەکەمیان بە زمانی فارسی نووسراوە و ئێمە لە وەرگێڕانە کوردییەکەی وەرمانگرتووە و دووانەکەی تر بە زمانی کوردین. دیارە بە پێی پڕەنسیپەکانی قوتابخانەکانی بەراوردی ئەدەبی، بەراوردی نێوان دوو دەقی زمان جیاواز دەچێتە خانەی بەراورد و بەراوردی نێوان دوو دەقی هاوزمانی هاونەتەوە دەچێتە خانەی هاوسەنگیی ئەدەبییەوە، بەم پێیە باسەکەی ئێمە هەردوو بواری بەرواردو هاوسەنگی دەگرێتەوە.**




گرنگیی نووسینی ئەم باسە بەرچاوخستنی ڕەمز و ڕەگەزە هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی و بەکارهێنان و ڕەگدانەوەکانیانە لە کایەیەکی مەزنی وەکو ئەدەبدا و هەر ئەمەش ئەدەب ناچار دەکات بەوەی لق و بەشی لێبکەوێتەوە و بەشێکی گرنگی وەکو بەراوردی ئەدەبی هەڵسێ بە پرۆسەی بەستنەوەی ئەڵقەکانی زنجیرەی ئەدەب و هێنانەکایەوەی ئەدەبی جیهانی.

لە نووسینی ئەم باسەدا پشتمان بە پرەنسیپەکانی قوتابخانەی بەراوردی ئەمریکی بەستووە بەوەی بەراوردێکی ئاسۆییمان لەنێوان هەرسێ دەقدا کردووە و ئاستی داهێنان و لایەنی جوانکاری لە ڕووی شێوازەوە، واتە هەر سێ ئاستی زمانی دەق و وێنەی هونەریی دەق و مۆسیقای دەق خراونەتەڕوو، بۆ دیاریکردنی هاوشانی و هاوتەریبیی جەمسەرە بەراوردکراوەکان و کەم تا زۆرێك ئاوڕمان لە لایەنی کاریگەری نەداوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش باسەکەمان دابەشکردووە بۆ چوار تەوەر، لە تەوەری یەکەمیاندا بەدەستپێك باسمان لە هەڵبژاردنی ناونیشان و گرنگیی نووسینی ئەو باسە کردووەتەوە و تەوەرەکانمان ڕوونکردووەتەوە. لە تەوەری دووەمیاندا بەکورتی باسمان لە ڕەگەزی (ئاو) کردووە، وەکو بوویەکی سروشتی و بەکارهێنانی هێماکانی لە ئەدەبدا و لە تەوەری سێیەمدا ڕەمزی ئاومان لە هەرسێ قەسیدەکە بەراوردکردووە و لەتەوەری چوارەمیشدا ئەنجامگیرییەکمان لە شەش خاڵدا داوە بەدەستەوە و پاشان ئاماژەمان بە سەرچاوەکان کردووە.

ئەوەندەی لە گەڕان و پشکنینەکانماندا دەستمان کەوتبێ بەراوردێکی لەم چەشنە لە نێوان ئەو سێ قەسیدەیە نەکراوە، تەنها دوو وتارمان بەرچاو کەوتووە، کە لەسەر هەریەك لە (پاڕانەوە لە ئاو) و (ئاوی مەزن) بەجیاجیا نووسراون، ئەوەی یەکەمیان لەلایەن (عەتا قەرەداخی) و دووەمیان لەلایەن( جەبار جەمال غەریب)ەوە، دیارە ئەمەش دەچێتە خانەی ڕەخنەی ئەدەبی، نەك بەراوردی ئەدەبییەوە، کێشەی سەرەکیشمان لەم باسەدا دەستنەکەوتنی سەرچاوە بووە بە کوردی لەسەر قەسیدەی (دەنگی پێی ئاو)، دیارە مەبەستمان لەو لێکۆڵینەوە و بابەتانەیە کە لەسەر ئەم قەسیدەیە نووسراون، ڕەنگە هەر ئەمەش ببێتە یەکێك لە کەموکوڕییە دیارەکانی ئەو باسە، چونکە پشتمان تەنها بە لێکدانەوە و تێڕامانەکانی خۆمان بەستووە، تا ئەو شوێنەی ئەدەب حەزکات بە هیواین باسێکمان پێشکەش کردبێ شایەنی خوێندنەوە بێت.




**"ئاو وەك ڕەگەزێکی سرووشتی و بەکارهێنانی هێماکانی لە ئەدەبدا"**

ئاو وەك کائینێکی پڕ سیحر بۆتە ئیلهام و جێگای تێڕامانی فەیلەسوف و بیریارو ئەدیبانی دنیا. فەیلەسوفی گەورەی یۆنانی تالیس کە لە ساڵەکانی (600پ.ز) ژیاوە لەو باوەڕەدا بوو، کە ئاو سەرچاوەی هەموو شتێك بێت. بەپێی تێڕوانینی کۆنیش بۆ دروستبوونی گەردوون یەکێکە لەو چوار ڕەگەزەی کە گەردوون پێکدێنن .

"ئاو خاسیەتە بنەڕەتییەکانی سرووشتی هەڵگرتووە، ئەو سرووشتەی کە دەستی مرۆڤ و تەکنەلۆجیا تێکی نەداوە و نەیشێواندووە و پیسی نەکردووە".

ئاو هێمایە بۆ کۆمەڵێك خاسیەتی گرنگ، لەوانە: خاوێنی، بەردەوامی، جووڵەوبزاوت، ڕووتی، پاککردنەوە، پاکبوونەوە، ئاوەدانی، ڕەهایی، میهرەبانی، بێبۆنی، تەڕی، ڕەحمەت، بەرەکەت... هەروەها ئاو شووشتنەوەی هەموو جەستە گوناهاوییەکان و ئامادەکردنیانە بۆ ڕاوەستان لەبەردەم ڕۆحی باڵای خوادا.

ئەفسوونی ئاو و بەکارهێنانی ماناو دەلالەتەکانی ئیلهامی زۆربەی شاعیران و نووسەران بووە بە جۆرێك دەتوانین تا ئەو شوێنە بڕۆین و بڵێین شاعیر نییە خۆی لە بەکارهێنان و موتوربەکردنی ڕەگەزی ئاو بەدوورگرتبێ لە شیعرەکانیدا.

ڕەگەزی هاوبەشی وجودیانەی ئاو و خزانە نێو ئەدەبیاتی گەلاندا و بەکارهێنانی ڕەمز و ئیحاکانی لە زاراوەکانی ئەدەبدا، بەشێکە لە ئەڵقەی ئەو زنجیرە نەپساوەی پرۆسەی بەجیهانیبوونی ئەدەب دێنێتە کایەوە.

ئاو وەك بوویەکی سرووشتی دیارترین کەسێتیی سەربەخۆی سرووشتی بۆ خۆی پێکهێناوە، جگە لەوەی وەك پێویستییەکی بێ ئەڵتەرناتیڤ لە خزمەتی ئینساندایە، خەسڵەتەکانیشی جێگای سەرسوڕمانن، لەوانە:




1- دیارترین و زۆرترین کۆبوونەوەی لە سرووشتدا هەیە.

2- بوونی ئاو وەك ڕەگەزێکی سەربەخۆ و بە کۆمەڵ لە شێوەی زێ و دەریا و زەریادا.

3- جووڵەو بزاوت ئاوی کردووەتە ڕەگەزێکی تاقانە، جووڵەی ئاو هونەرمەندان و ئەدیبانی مەفتون کردووە.

4- بریقەو ڕەنگدانەوەی، گۆڕانی لە ناکاوی شێوە و ڕەنگی ، خەیاڵ و بیری ئینسانی لەگەڵ خۆی بردووە.

5- ئاو تاکە شتی سرووشتی دیارو پێویستە، کە لە ئاسمان دێتە خوار یان ئاو تاکە ڕەگەزە کە ئاسمان و زەوی بەیەکەوە دەبەستێتەوە و هەر لێرەوەش سیحرو پیرۆزیی خۆی مسۆگەر دەکات.

**"رەمزی ئاو لە هەرسێ قەسیدەی (دەنگی پێی ئاو-ی سوهراب سپێهری) و (پاڕانەوە لە ئاو-ی جەمال غەمبار) و (ئاوی مەزن-ی عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا)"دا.**

سەرەتاکانی قەسیدەی (دەنگی پێی ئاو)ی سوهراب بەم ڕستانە دەست پێدەکات:

**دایکێکم هەیە، نیانتر لە گەڵای درەخت**

**هاوڕێیانێ باشترن لە ئاوی ڕەوان..**

لە دێرێکی تردا دەڵێ:

**ئەوسا لە خەودا میوەی تاڵی خودام ئەجوو**

**بەبێ فەلسەفە ئاوم ئەخواردەوە..**

لەدێری یەکەمیاندا (ئاوی ڕەوان) خاسیەتی باشی و فەزیلەتێکی ئەتۆی هەیە، کە ئەو هاوڕێیانەی شاعیری پێ بەراوردکراوە، کە شانازییان پێوە دەکا.

لە دێڕی دووەمیاندا سوهراب دەیەوێ لە ڕێگەی بەبێ فەلسەفە ئاو خواردنەوەی ئاو، باسی سادەیی و خاکێتیی ئاو بکات، کە چەند خاکیانە و چەند بێ فیز دەکەوێتە دەستمان و دەممان و بەرمان دەکەوێ و پاکمان دەکاتەوە و..... تاد، چۆنمان بوێت وا مامەڵەی لەگەڵ دەکەین بێئەوەی ئاو دڵتەنگ بێ. ئەم هەموو فەزیلەتە شایستەی ڕێزگرتن و حورمەتگرتنە نەك لووتبەرزی و فەلسەفە لێدان.

جەمال غەمبار لە قەسیدەی (پاڕانەوە لە ئاو)دا وا دەستپێدەکات:

**بمبەخشە ئەی ئاو... لە دڵی تۆدا هەمیشە مێرگێك هەیە**

**پڕە لە چراو تەنیایی**

**پڕه له بۆنی ئەستێره**
**بمبەخشە لەوەی نەمتوانی لەو مێرگەدا**
**ماڵێکی شوشەییم هەبێ له تۆ**
**ئەی ئاو.. بمبووره که له ئیملای نووسینەوەی باراندا**
**حەرفی دڵۆپەکانم پێش و پاش خست..**

ئێستا ئێمه له بەردەم ئەو ڕەگەزه گرنگ و پڕ بەهایەداین و لێی دەپاڕێینەوە، بەپێی ئەو پلەو پایەی شاعیر (ئاو) له ئاستێکی بەرزدایه و له خوارەوەش هەموو زیندەوەران، که دەستی پاڕانەوەی بۆ بەرز دەکەنەوە، ئەوانەی دەپاڕێنەوه هەموومانین ، کەواته ئاو ئێستا له ئاستی هێزی کردگاردایه، ئێمەش دەستی نزای بۆ بەرز دەکەینەوە.

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا-ش له قەسیدەی (ئاوی مەزن) دا بەمشێوەیه دەستپێدەکات:
**تۆ له خەیاڵی دڵۆپه ئاوێ**
**وەره ژوورەوه**
**دڵۆپه ئاوێ که پڕه له خەون**
**پڕه له ترپەی تەنیایی**
**ئارام..ئارام**
**له سەر ڕیتمی پڕبوون دێ**
**له دەرگای نیشتمان دەدا**
**چەشنی شیعر..**

کۆمەڵێك سیفەتی ئینسانی لەم قەسیدەیه به ئاو دراوه، بۆ نموونه: ئاو که خاوەنی خەیاڵ و خەونه و ئینسان دەبێ له ڕێگەی ڕیتمی ئاوەوه جیهانبینی و پەیوەندییه ژیانییەکانی ڕێکخاتەوه، ئاو چەشنی ئینسان پڕه له هەستکردن به ترپه سامناکەکانی تەنیایی و گاهێ به ڕیتمی پیری و ئارام ئارام ، گاهێ چەشنی بێدەنگیی شیعر دێ له دەرگای نیشتیمان دەدا، دەتوانرێ له خەیاڵ و خەونی دڵۆپه ئاوێکەوه هەموو بابەته مەزن و گرنگەکانی دنیا ببینرێ و بخوێندرێتەوه.

* بنەمای کارکردن له هەرسێ قەسیدەدا بنەمایەکی گفتوگۆ ئامێزه و هەڵدانەوەی سیحر و کەشفکردنی ژیانه له ئاودا.
**پەیڤ دیاربوو**
**ئاو دیاربوو، وێنەی شتەکان له ئاوا..**

دەنگی پێی ئاو دێ و دەڵێ ئەها سەیری شتەکانتان بکەن له ئاودا چەند جوانه ئەو سەردەمەی ئاو دیاربوو یا با بڵێین ڕۆژگاری پاکی و سادەیی مرۆڤەکان بوو.
**عیشق دیار بوو، شەپۆل دیاربوو، بەفر دیار بوو، دۆست دیاربوو، قسه دیار بوو..**

جۆرێك لە ئاھ وحەسرەتكێشان لەم دێڕەدا بە دیدەكرێ بۆ ڕابردوو، جۆرێك لە پەشیمانی و نەدامەت بەرامبەر ڕۆژگارە چاكەكانی ئاو دەبینرێ.

ئەو كات من و تۆش، لێوڕێژ بووین لە وڕینەی بەفرو

پڕ بووین لە پایزی ئەو قسانەی

نەوڕەس لەسەر زمانی گوڵەوە

بۆ زەریای دەگێڕانەوە

ئەو قسانە لە دوا ورتە ورتی

مردنی بە باران دەچوون،

وەك ئەو ڕستە بێدەنگ و ڕووتانە وابوون

تامی گلەیی موتڵەقی ئاویان ئەدا...

لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەبێت، شاعیر ھەست بە شێواندنی ھارمۆنیای سرووشت دەكات و دەزانێت شتەكان وەكو ئەوەی لەگەوھەردا ھەبوون نەماون و گۆڕانكارییان بەسەردا ھاتووە(3)

بەھەمان شێوە خۆزگە خواستنێك بۆ ڕابردوو یا بۆ ڕۆژگاری ئاو ھەیە، ئەو كاتانەی لێوڕێژبوون لە وڕێنەی بەفر، پایزی ئەو قسانەی نەوڕەس لە زمانی گوڵەوە بۆ زەریای گێڕاوەتەوە... تاد، ھاوكات شاعیر خەسڵەتێكی تری ئاومان بەرچاو دەخا، كە (موتڵەق)بوونە یا ڕەھاییە بە مانا وجودییەكەی، كە لە ھەرسێ قەسیدەدا ئەو خەسڵەتەی ئاو دینامیكیەتی شیعرەكە دەخاتە ژێر ڕكێفی خۆیەوە.

دڵۆپە ئاوێ كە پڕە لە وەھم

دوای منالبوونەوەی بە دوعای بەرزی گریان

دوای بەندكردنی مەلەكانی یادەوەری

لەبەر دڵی كزی مێژوو

دوای كردنەوەی لاپەڕەكانی خۆشبەختی

بە ئومێدی فڕین

دوای ئومێدە كوژراوەكانی نیشتمان

لە بێھودەیی گفتوگۆ

دوای گیانكێشانی جوگرافیای خزمایەتی

فەرھەنگی منالی و شیعر

لەبەر دڵی ڕاستی دەریا

دوای داگیرسانی ئاوێنە غەریبەكانی عەشقبوون

دێ وەك چۆلەكە

لە پەنجەرەی ولات دەدا و

لەژێر لێوانەوە دەڵێ:

ئاو لێڵ مەكەن

ئاوی مەزن..

شاعیر بەئاگامان دێنێتەوە تا ئێمە لە یادەوەریی دڵۆپە ئاوێك بێینە ژوورەوە و ببینین دوای مناڵبوونەوەی دڵۆپە ئاوێك بە دوعای بەرزی گریان، دوای بەندکردنی مەلەکانی یادەوەری لەبەر دڵی مێژوو، دوای کردنەوەی لاپەڕکانی خۆشبەختی بە ئومێدی فڕین.......تاد، دوای هەموو ئەمانە لە پەنجەرەی وڵات دەدا و لە ژێر لێوانەوە دەڵێ تکایە ئاو لێڵ مەکەن یا ئاو پیس مەکەن یا بێدەنگیی ئاو مەشێوێنن.

*هەرسێ قەسیدە بە پانتاییەکی فراوان کار لە هەرسێ تەوەری خەیاڵ و یادەوەری و ڕەشبینی دەکەن، کە هەریەکەیان بۆ خۆی هەمان خەسڵەتی ئاویان هەیە، یان هاوبەشن لەگەڵیدا."

– خەیاڵ: لە فراوانی و جیهانگیرییەکەی وەك ئاو.

– ڕەشبینی: لە قووڵبوونەوە و خنکاندنی ڕەنگەکان و مەفتون بوونی شاعیر پێی وەك ئاو.

– یادەوەری لە بریقوباق و ڕەنگدانەوەی وەك ئاو"

**من گوێم لە دەنگی هەناسەی باخچەیە**

**لە دەنگی تاریکی، کاتێ لە گەڵایەکەوە ئەکەوێ**

**لە دەنگی کۆکەی ڕووناکی لەودیو درەختەوە**

**پڕمەی ئاو لە هەر درزی بەردێکەوە**

.
.
.

**ئاشنام بە چارەنووسی تەڕی ئاو، بە عادەتی سەوزی درەخت**

.
.
.

**ئەبێ چاوانمان بشۆین، بە جۆرێکی دی بڕوانین**

**ئەبێ وشەکان بشۆین...**

هەستیاریی سوهراب تا ئەو ڕادەیەیە کە گوێی لە دەنگی هەناسەدانی باخچەو تاریکییە، کاتێ لە گەڵایەکەوە ئەکەوێ ، دەنگی کۆکەی ڕووناکی و پڕمەی ئاو لە هەر درزی بەردێکدا بێ دەیبیستێ، هەروەها شاعیر ئاشنایە بە خەسڵەتە بنەڕەتی و چارەنووسە ئەبەدییەکەی ئاو کە تەڕییە، هاوکات کردەی شوشتنی بەکارهێناوە، کە ئاو کارایەکەیەتی بۆ پاککردنەوە و نوێکردنەوە و شوشتنی چاو و وشەکان تا بە جۆرێکی تر بڕوانین و بە شێوەیەکی تر تەماشای ژیان و دیاردەکان بکەین.

قەسیدەی (پاڕانەوە لە ئاو) دەگاتە ئەو شوێنەی کە شاعیر هۆشداری دەدا بەوەی:

**سەیری کورسییەکی بەتاڵ بکە**

**چاوەڕوانە، منداڵێکی لەسەر دابنێشێ**

**ڕووە و باران**

**خەیاڵی ئاو لە نامەیەکدا بۆ خوا بنووسێ**

.
.
.

هەموو شەوێ هەتا ڕۆحی ئاو
بۆ شیعر تەرجەمە دەکات،
.
.
.
تەرمی سپی ئەو ئاوە بووین، ڕەیحانەکانیان پێ ئاو ئەداین...

جەمال غەمبار بەرجەستەی ئازارەکانی مرۆڤێك دەکات، کە هەست بە کوشتنی جوانی و شێواندنی هارمۆنیای ژیان و سروشت دەکات، ئەویش لەلایەن هەموو ئەو هێزانەوە کە هێمای تێکدان و وێرانکردنن، ئەمەش لە ڕێگای کۆمەڵێك وێنەدا کە ئاو بزوێنەری زیندووە تیایاندا، چونکە لە زۆر شوێندا پرۆسەی بەکەس کردنی ئاو گەیشتۆتە لوتکە، هەروەکو دەبینین ئاو خاوەنی خەیاڵەو خاوەنی ڕۆحەو هەروەها تەرمیشی هەیە.

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا لە (ئاوی مەزن) بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

دڵۆپە ئاوێ کە پڕە لە وزەی شێتبوون
پڕ لە ئاژاوە و دوو دڵی
ئێوارەیەك لە سەر تەرمی لاری پێکەنین دێ
تەنیا... تەنیا وەك سێبەری شیعرێکی مات
دڵوپە ئاوێ کە پڕە لە نامەی خۆکوشتن
پڕە لە غەریزەی سەفەر
دێ وەك دەنگی باڵندەیەکی سەرگەردان
لە شوێنێکی نادیار و دوور
شوێنێك بە نیگەرانی لە دەرەوەی زەمەن
دەڕوا تا هێزی نیشتیمان
شوێنێك پێش گفتوگۆکردن بەدڵ دەڵێ:
شەلاّلم لە ڕەچەلەکە ڕەش و سپییەکانی زمان
جمەم دێ لە پەشیمانی
بەچرپە بە جەستە دەڵێ:
بەناو ڕۆژنامەکاندا دێم
خەریکە لە خۆم دەبمەوە..

لەم چەند دێرە شیعرەدا بە هەمان شێوە دەبینین ئاو بەکەس کراوە، دڵۆپە ئاوێك مرۆڤ ئاسا پڕە لە وزەی شێتبوون، پڕە لە ئاژاوە و دوودڵی، تەنیایە، پڕە لە نامەی خۆکوشتن، پڕە لە غەریزەی سەفەر، نیگەرانە، سەرگەردانە، پەشیمانە...... تاد.

*کەواتە (بەکەس کردن) کە جۆرێکە لە جۆرەکانی وێنەی هونەری، یەکێکە لەو تایبەتمەندییە هاوبەشەی کە لە هەرسێ قەسیدەدا بە (ئاو) بەخشراوە.

سوهراب بەوە ناوەستێ حیکایەتەکانی فەزیلەتی ئاو بگێڕێتەوە، بەڵکو تا ئەو شوێنە دەڕوا کە بە (ئەبێ) قسە بکاو بڵێ:

**ئەبێ چەترەکانمان تووڕدەین**
**بەژێر بارانا ڕێبکەین**
**ئەبێ بیر و یادەوەریمان بدەینە بەر باران**
**ئەبێ لەگەڵ تەواوی خەڵکی شارا بە ژێر بارانا ڕێبکەین**
**ئەبێ لەبەر بارانا یارانمان ببینین**
**ئەبێ لەبەر بارانا بە دووی عیشقا بگەڕێین**
**ئەبێ لەبەر بارانا لەگەڵ ئافرەتا بخەوین**
**ئەبێ لە بەر بارانا یاری بکەین**
**ئەبێ لەبەر بارانا بدوێین، لەیلو پەڕ بڕوێنین**
**ژیان تەڕبوونی پەیتا پەیتایە**
**ژیان مەلەیە لە ئەستێرێکی (هەنووکە)دا...**

نابێ لەژێر باراندا چەتر هەڵدەین، ئەو تەڕییە، ئەو بەرکەوتن و دابارینە پێویستە تاکو یادەوەریمانی پێ بشۆینەوە، پیاسە لەگەڵ خەڵکی شار و ژوانی یار تەنها لەژێر باراندا مانایەکی هەیە، بەدووی عیشقدا گەڕان و لەگەڵ ئافرەتا خەوتن شایستەی ئەتمۆسفێرێکی وەك بارانە، لە ژێر سرووشتی باراندا یاریکردن و دواندن و لەیلوپەڕ ڕواندن ڕەوایە، ئاخر ژیان چییە جگە لە تەڕبوونێکی پەیتا پەیتا.

جەمال غەمباریش چی لە سوهراب وەسفی ناسکتر نابەخشێتە ئاو کاتێ دەڵێ:

**ئاو.. یانی پێکەنینی میوە بۆ سەمای جاروباری ڕۆح..**
**ئاو.. یانی هەبوونی ژنێك کە هەمیشە**
**پەرداخە بەتاڵەکانی لە تەنیایی دەشکێنێ!**
**یانی گوێگرتنی –با–یەك، لە نرکەی گوڵێك**
**کە ترسی هەڵکردنی فیراقێکی هەیە**
**ئاو، لە بیرەوەریی هێلانەدا**
**ئەو سێ حەرفە رووناکەی**
**خۆیان لەبەفر هەڵدەکێشاو**
**لە دۆلفینە عاشقەکانەوە فێربوون**
**ئەوانیش بە خۆیان بڵێن :**
**(سەراب) ت باش ئەی تینوێتی...**

واتێنەگەن ئاو هەر تینوێتی ئەشکێنێ، پێکەنینی میوە بۆ سەمای جاروباری ڕۆح و ژنێك کە شووشە بەتاڵەکانی تەنیایی تێکوپێك دەشکێنێ یانی ئاو.....تاد.

بەواتایەکی تر ئاو توانای پاراستنی پێوەندیی میکانیکیی نێوان سرووشت و ئینسانی هەیە و بە هۆی ئاوەوە ئینسان و خاك، ئینسان و سرووشت، ئینسان و خودا، لە یەکتر دەگەن و لە یەکتر حاڵی دەبن، یان ئاو زمانی پەیوەندیی نێوان خاك و ئینسانە.

لە قەسیدەی (ئاوی مەزن)یشدا کۆمەڵێك وەسفی ئەفسوونگەریی هاوچەشن دەخوێنینەوە:

**دڵۆپە ئاوێکی شکاو**
**لە تەمەن**
**نزیك لەوەرگەکانی ڕۆح**
**دڵۆپە ئاویّ کە دەڵێی**
**سەرقاڵییە حونجە ناکریّ**
**دەڵێی تینوێتییە قسەناکات**
**بەچرپە دیّ**
**چەشنی وێنە جێماوەکانی دوای عەشق**
**بە جەستە دەڵیّ پەلەکە**
**خەریکە دڵ بەدڵ بدەم**
**بە شیعر دەڵیّ ئارام بە**
**خەریکە دڵ لە ئاو بگرم**
**تۆ لەڕەشبینی دڵۆپە ئاویّ وەرە ژوورەوە**

.

.

**دڵۆپە ئاویّ کە لە دەفتەری خەونەکانی نووسراوە**
**پڕ بووم لە هێلکاری ساختەیی**
**سنوورەکانی خۆشبەختی**
**بەرلەوەی عەشق بمکوژیّ**
**دڵۆپە ئاویّ بە دڵ دەڵیّ**
**بەر لەوەی ترس لە کۆڵانەکانی نووسین**
**ڕاوم بنیّ**
**من لە ستایشی ئاوێنە ژیانم بە هەتاو ناساند..**

لەو قەسیدەیەدا و لە خەیاڵی دڵۆپە ئاوێکەوە تێدەگەی ئاو لە گەورەیی خۆی بە ئاگایە و دەزانیّ کە پاك و مەزنە بۆیە بەگومانە، ئەو دڵۆپە ئاوانە پڕن لە سەرقاڵی و پڕن لە پەلەکردن و پڕن لە قسە و گومان و دوودڵی.

*هەرسیّ قەسیدەکە کار لەسەر بنەمای دوالیزمی دەکات، کە لە هەندیّ حاڵەتدا لە ئاستی زمانی یەکەمی دەقدا دەبینرێت و لە زۆر حاڵەتیشدا بوونی ئەو دوالیزمییە لە پشتی زمانی دەقەکانەوە ئامادەبوونی هەیە، کە ئەویش ئەوانی تێکدەر و ڕوخێنەرو ئێمەی یا منی بنیادنەرو پارێزەر، ئەوانی

شێوێنەری جوانی و هارمۆنیای سرووشت یان ئێمەی بەشێك لە سرووشت و سادەیی، ئەوانی بەدبین و منی بە گومان، ئەوانی ستەمکار و منی میهرەبان...... تاد.
قەسیدەی (دەنگی پێی ئاو) بە بێ باسکردنی ئاو پارچەکانی بەیەکەوە نالکێن، بۆیە دێڕەکانی پێش کۆتایی بەدەر نین لەتەرێتیی ئاو:

**بچینە ڕۆخ دەریا**

**تۆڕ هەڵدەینە ئاوەوە**

**تەڕایی ئاو بگرین**

**بەردە چەوێ لەسەر زەوی هەڵگرینەوە**

**هەست بە قورسایی بوون بکەین**

.
.
.

**بەسەر ئیدراکی فەزا، ڕەنگ، دەنگ، پەنجەرە، گوڵدا**

**ئاونگ بپرژێنین**

.
.
.

**بەسەر پێی تەڕی بارانا بەرەو دوندی ئەڤین بچین..**

بۆ ئەوەی هەست بە قورسایی بوون بکەین دەبێ بچینە ڕۆخ دەریا و تەڕایی ئاو بگرین، نوێبوونەوە و بوژانەوەی ئیدراکی فەزاو دەنگ و ڕەنگ و پەنجەرە و گوڵ بە ئاونگ پژێن دەبێ، گەیشتن بە لوتکەی ئەڤینیش بەسەر پێی تەڕی باران نەبێ چ بەهایەکی هەیە؟
جەمال غەمباریش لە ناوەڕاستی قەسیدەکەیدا وا بەردەوامی بە پاڕانەوەکانی دەدا لە بەرامبەر ئاودا:

**گۆرانیەك لە گۆرانیە ئەسیرەکانی ئاو دەست پێ ئەکات**

.
.
.

**قەدیسێك کە لە ئاو دەچوو**

**تۆ کە تەفسیری شەیتانی بوونی ئاوت پێ نەکرا**

**ئیدی: شەرحی کەم یا شەرحی نەکەم**

**من چیرۆکی ئاوابوونی خەلیقەتێك لەودیو پەنجەرەی مانگەوە چاوەڕێمە**

.
.
.

**بڕیارە بە ئاو بڵێین**

**بگەڕێوە زیندەگی بە تۆوە جوانە ئەی ئاو**

**کەچی ئاو دەڵێت:**

**تا بە عیشق خۆنەشۆن**

**تەسبیحەکانتان نەکەنەوە بەزوننار"**

نایەمەوە !

(ئاو) بەدەم دوای ئاوڕدانەوەی خۆیەوە، دەپرسێت:
ئێوە کامتان تا ئەو سەری
کەلاوەکانی عیشق چوون،
بۆ ئەوەی تەرمی پەپولەیەك
بەر لە کوشتن بۆ ماچێك دەگەڕا، بدۆزنەوە؟
.
.
.
ئاو نە لە پێکی سێیەمی شەوە خوار و خێچەکاندا
دەم بۆ سیاسەت دەبات و
نە لە هستریای شەڕەکانی -با- دا
شەماڵ و باویلکە دیلەکان دەکوژێ
ئاو .. ژنێکە
لە دەربەندی گۆرانییەوە هەڵدەکاو
لە بەرامبەر جوانییەکانی پایزەوە" خامۆش دەبێ..

گوێ لە شەقژنی باڵی ئاو بگرن ... ئاو...!
دوای کۆچی ئاو تفەنگێکی پیر پێی وتم
ئەوەتام، زەینی شیعرێکتم بدەرێ ...
.
.
.
بۆ جارێ نایەیت بچینەوە لای مناڵی ئاو
ئەو شەکرە سێوە کە وشەی (ئاو) ی بەقسەی گەڵا
دەخستە ڕستەی شوشەکانەوە،
هەمیشە دەیوت
(ئاو) شاژنێکی نەزۆکی شاری غەریبەکان بوو
هێندە جەستەی خۆی لە ئاگر خشاند
هێندەی درۆ بیست
هەتاکو ڕەحمی پڕ لە بەفری خۆی
بە عەزاب شوشت و
ئیدی هەنگوینی مەمکەکانی خۆی
بەکەس نەبەخشی !

پاڕانەوە و تکا کردن لە ئاو لەم دێڕانەی سەرەوەدا دەگاتە ئاستێك ئیدی زیندەگی بەبێ ئاو بەتاڵ دەبێتەوە لە جوانی و لە بەرامبەر ئەو تکاو پاڕانەوەیەش ئاو مەرجی تایبەتیی خۆی هەیە و

دەیەوێ بۆ هاتنەوەی خۆی جۆرێك لە پەیوەستنامە ببەستێ ئەگینا بەم دۆخە پڕ لە بێبەزەییە گەڕانەوەی ئەستەمە.

غەمبار وەهاش کۆتایی بە قەسیدەکە دێنێ:

– ئەی ئاو..

دیسانەوە بمبەخشە

من (زەریا نووس) نەبووم تاکو پێت بڵێم:

ئەم شیعرەش گەمەیەکی سەیرە،

وەهمی عیشق و

خەیاڵاتی پووچی لالە بەچراو،

پێکەنینی مانگ بە ڕووی ئەستێرەدا،

فڕێ ئەداتە دەریاوە ..

ئەم شیعرە لەگەڵ خۆتدا، لە ژێر وێنە سەرابییەکەی خۆتدا ،

جارێکی تر، دەنووسێت:

لەو سەری ئایندەو/

پڕ بە شمشاڵی جەستە، پڕ گەرووی کوفر، پڕ بە زاکیرەی شەڕ

دەنووسێت:

ئێمە کە لە عەدەم گەڕاینەوە، خوداو ئاومان پێکەوە ناشت...!

ئەم ئاڕاستە شیعرییە ڕەگەزەکانی سرووشت و مرۆڤ و مێژوو دەکا بە بنەما بۆ بەرجەستەکردنی سیمای جوانترین قوربانی، کە تەنیا دەستی پاڕانەوە بەرز دەکاتەوە و لە ئاو دەپاڕێتەوە، کە دوای مردن خەوشەکان بشواتەوە، تینوێتییەکان بشکێنێ، یان هەموو شتێ ڕامالێ، بەڵکو هەموو ناشیرینییەکان بشارێتەوە، لێرەوە دەردەکەوێت کە بکەرێك نییە بتوانێت لە ئامادەبووندا حاڵەتی بە قوربانیبوون هەڵوەشێنێتەوە و جووڵەی بەرامبەر دروست بکات، لای جەمال غەمبار ئێمە وەکو قوربانییەك دەخرێینە ڕوو، کە چاوەڕوانی کۆتایی هاتنی خۆمان دەکەین.

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵاش لە کۆتاییەکانی قەسیدەی (ئاوی مەزن)دا باسی دەفتەری پەناهەندەیی دڵۆپە ئاومان بۆ دەکات و دەڵێت:

دڵۆپە ئاوێ

لە دەفتەری پەناهەندەیی نووسراوە

پڕم لە هەنگی شکاوی سەربردەی"با"

بەرلەوەی نیشتمان لە کۆڵانەکانی ژیان

ڕاوم بنێ

.

.

.

دڵۆپە ئاوێ کە پڕە لە سادەیی ئەوین

له کۆچەکانی وەڕس بوون
له شەقامە ماتەمەکانی هیچ نەگووتن
دڵۆپە ئاویٚ تۆ سەیرکە
وەك ئەوەی پڕ کرابیٚ
له لاپەڕە بیٚ ژمارەکانی بەدبەختی
پڕکرابیٚ لەوەی بەیەکجاری
لەگەڵ مەرگ بڕوا
.
.
.
دڵۆپە ئاویٚ
کە دەبوو بە دیار شەو دانیشیٚ و
کەناڵی نائومیٚدی بکاتەوە
لە سوێی سەفەر
.
.
.
دڵۆپە ئاویٚ ماندوو ماندوو
چەشنی تەمەن
لە دەرگای نیشتمانی دەدا
وەکو ئەوەی بڵیٚ دەمرم
ئیٚوەش دەڵیٚن:
تکایە کەس لە ماڵ نییە
.
.
.
تۆ لە سکیٚچی غەمباری دڵۆپە ئاویٚ
ڕامیٚنە
بەرلەوەی بەدەریا بگەیت
هەر لە تەنیشت بارانەوە پرسیاربکە
ماڵەکەم لە دوو دڵی شەو هەڵچنیووە
.
.
.
بەر لەوەی نیگات تەڕببیٚ
ڕوخساری لەتلەتکراوم بپیٚچەوە..

دەفتەری پەناهەندەیی دەدریٚتە ئەو کەسەی پەناهەندەیەو نیشتمانی ئەسڵیی خۆی جیٚهیٚشتووە، ئەو نیشتمانەی بە سیفەتی ئاوەوە لە دەرگایت دا، ئەو نیشتمانەی لە لەحزە پڕ شەوقەکاندا ناسیمان.

دڵۆپە ئاویٚ کە دەفتەری پەناهەندەیی هەیە، دەفتەریٚك پڕە لە جەنگی شکاو، پڕە لە سەربردەی با، با- سەربردەو حیکایەتەکانی نووسیوەتەوە، با دەزانیٚ نیشتیمان چۆن ڕاوی نایەن، با دەزانیٚ نیشتیمان چۆن ڕۆڵەکانی "کە کەس ناناسن ئەو نەبیٚ، چۆن لە کوچەو کۆڵانەکانی دەردەکات."

تەنها ئاو وەك جوانترین پەیوەندی دوای وەحی و پەیامی پیٚغەمبەران لەو نیٚوانەدا ماوەتەوە، ئاو لە شیٚوەی باراندا دیٚتە خواریٚ و دڵنیامان دەکاتەوە لە ڕەحمەت، لە شیٚوەی هەڵم سەردەکەویٚتەوەو بەبەردەوامی پاڕانەوەمان دەباتەوە.

بە جۆریٚکی دیکە ئاو پیٚوەندیی ئاسمان و زەویی پاراستووە، بەڵام هەرگیز مرۆڤەکان لە دڵۆپە ئاویٚکەوە لە یەکتر نەچوونە ژووریٚ، بەڵام هەرگیز مرۆڤەکان وەك ئاو ڕوون نەبوونەوە(1).

*لە هەرسیٚ قەسیدەدا ڕایەڵیٚکی توندو بەهیٚز لە نیٚوان وشەکان و ڕستەکاندا هەیە، وەك بابەتیٚك بۆ گەیاندنی ماناو دنیایەکت لە سەر سینییەك لە ئاو پیٚشکەش دەکەن و ئاو دەبیٚتە سەفیریٚکی بیٚ پاسپۆرت لە هەموو دونیادا.

**ئەنجامگیری**

1- هەرسیٚ قەسیدە ڕەمزو دەلالەتەکانی ئاو وەك بوویەکی سرووشتی بەکاردەهیٚنن بۆ خویٚندنەوەی هەست و شکست و سەرکەوتنەکانی دنیا_ ژیان_ مرۆڤ_ بە واتایەکی تر دەشیٚ ئینسان بە هۆی ئاوەوە لە نهیٚنییەکانی بوون وەژوورکەویٚ.

2- بونیادی کارکردن لە هەرسیٚ قەسیدەدا بنەمایەکی گفتوگۆئامیٚزە و هەڵدانەوەی سیحرو کەشفکردنی ژیانە لە ئاودا و لە ڕیٚگەی ئەم گفتوگۆیەوە کیٚش دەکریٚتە نیٚو جەدەلەکانی ژیانەوە.

3- لە هەرسیٚ قەسیدەدا بە پانتاییەکی فراوان کار لە هەرسیٚ تەوەری خەیاڵ و یادەوەری و ڕەشبینی دەکەن.

4-(بەکەس کردن) کە جۆریٚکە لە جۆرەکانی ویٚنەی هونەری، یەکیٚکە لەو تایبەتمەندییە هاوبەشانەی کە لە هەرسیٚ قەسیدەدا بە (ئاو) بەخشراوە.

5-هەرسیٚ قەسیدە کار لەسەر بنەمای دوالیزمی دەکات، کە لە هەندیٚ حاڵەتدا لە ئاستی زمانی یەکەمی دەقدا دەبینریٚت و لە زۆر حاڵەتیشدا بوونی ئەو دوالیزمە لە پشت زمانی دەقەکانەوە ئامادەبوونی هەیە، کە ئەویش ئەوانی تیٚکدەر و ئیٚمەی بنیادنەرو.... تاد.

6-ڕایەڵیٚکی توندو بەهیٚز لە نیٚوان وشەکان و ڕستەکاندا لە نیٚوان هەرسیٚ قەسیدەدا دەبینریٚ وەك بابەتیٚك بۆ گەیاندنی مانا.

**سەرچاوەکان:**

**کتیٚب:**

1-جەمال غەمبار، پاڕانەوە لە ئاو، چاپخانەی داناز، سلیٚمانی، 2001.
2-سوهراب سپیٚهری، تریفەی تەنیایی، وەرگیٚڕانی- ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی گوڵزار، 2000.3-
3-عەتا قەرەداغی، گەڕان بە دوای بووندا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیٚمانی، 2002.

**گۆڤار:**

1–جەبار جەمال غەریب، دڵۆپە ئاوێك وەك پانتاییەك بۆ ژیان و مەیدانێك بۆ تێكشان، گۆڤاری كاروان، ژمارە (164)، هەولێر، 2002.

2–عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلاَ، ئاوی مەزن، گۆڤاری كاروان، ژمارە(164)، هەولێر، 2002.

